Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/١٠.٢٤٢٧١/garmian.٢٠٧٠٣١١

# ((پابەندو هاوڕیەتی وسیمانتیکی سیمبول لە زمانی کوردیدا))

سەباح موسا عەلی

بەشی زمانی کوردی/ کۆلێجی پەروەردە /زانکۆی کەرکوك

پوختە

لەم باسەدا ڕۆشنایی دەخرێتە سەر بابەتێکی زۆر گرنگ وپڕ بایەخ کە کەم لە توێژەر و زمانناسان ئاوریان لێ داوەتە و لە بابەتی پراگماتیك و سیمانتیك ئاماژەیان بۆ کردووە ە باسیان کردووە، ئەویش بابەتی پابەندو هاوڕییەتی لە بواری واتاسازی و پراگماتێکی زمانی کوردی وسیمانتیکی سیمبۆل و رۆلی لە ژیان و زمان و کاریگەری بە سەر ئاخێوەرانی زمانی کوردی,

پابەند وهاوڕییەتی لە زاراوەی ژیان واتایەکی هەیە و چەمك و پێناسەی خۆی هەیە و لە زماندا وبە تایبەتی لە لیڤل و ئاستی پراگماتیك واتا و پێناسەی خۆی هەیە ، بۆیە سەیر نییە کە وتراوە زمانی کوردی بە وشەو واتای وشەکانی دەوڵەمەندەو ئەمەش هیچ دەمارگیری تێدا نییە ، بەلکۆ زمانەکە تایبەتمەندی خۆی هەیەوزمانەکە وای کردووە کە لە واتا و دەلالەتی یەکەکانی زماندا زۆر قوول ببێتەوە.

لەم باسە ، ئاوڕ لە پابەندو هاوڕییەتی و واتای ڕەمزو سیمبول لە زمانی کوردیدا دەدەینەوە.

Article Info

Received: June, ٢٠٢٠

Revised:June ,٢٠٢٠

Accepted: July ,٢٠٢٠

Keywords

شیکردنەوەی پراگماتیکی ، کردەقسەییەکان ، شیعر

Corresponding Author

(darya.sabr@koyauniversity.org،

rozhan.noori@koyauniversity.org

## پێشەکی:

### چەمك و پێناسەی

سادەترین پێناسە بۆ زمان بەم شێوەیە کراوە، کە ژمارەیەك لە سیستمی دەنگەو کۆمەڵانی خەڵك بۆ گۆزارشت لە پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە وراپەراندن و جێبەجی کردنی کاروبار بە شیوەیەکی ڕێکوپێك،واتا زمان ((پەیوەستێکی زیتدووی بایۆلۆژی و دەروونییە تاك بە دەوروبەری دەبەستێتەوە و هەستی ئاسوّدەیی و دڵنیایی دەروونی و کۆمەڵایەتی پێدەبەخشێت لە پەیوەندی تایبەتی و گشتی و گوزارشت لە توانای ئاسۆیی لە بوندا))(غلسفه اللغه:یوسف الحاج:١٩٧٠).

گەر ڕۆشنایی بخرێتە سەر ئەو پێناسەیە بۆمان روون دەبێتەوە، کە زۆر لە زمانەوانەکان پییان وایە زمان

بريتييه له سيستمێكى هه‌مه نيشانه كه ئاماژه به بيروباوه‌ڕكان ده‌دات.

له باره‌ى زاروه‌ى (پابه‌ند و هاوڕييه‌تى) ، پابه‌ند واتا په‌يوه‌ست و گريدانى دوو كه‌ره‌سته‌وه به يه‌كه‌وه‌وهه‌ماهه‌نگ و هۆگر بن و هاوڕييه‌تى له زمانى كوردى له پێشگرى (هاو) واتا هاونزيكى و به‌يه‌كه‌وه گرێدان و ئه‌م پێشگره ده‌چێته سه‌ر زۆر وشه‌ى كوردى و وشه‌وواتاى تازه رۆنان ده‌كات (هاوڕى) واتا دوو كه‌س هاوبه‌ش بن له رێگايه‌ك،(هاوسه‌ر) واتا هاوبه‌شن له ژيندا وبه‌م شێوه‌يه.

له ڕووى زمان و واتاوه مه‌به‌ست له زاره‌وه‌ى ( پابه‌ند و هاوڕييه‌تى) گونجاندن و نزێك بوونه‌وه‌ى و ڕێكخستنى دوو كه‌ره‌سته ، كه له‌يك نزيك بن يان جۆره گونجاندنێك له نێوانيان هه‌بێت و نزيك بونه‌وه وپه‌يوه‌ندييه‌كى توندوتۆڵ له نێوان ئه‌و دوو كه‌ره‌سته ببێت، به نموونه هاوڕييه‌تى نێوان وشه‌ى (فێرخوان) و زانكۆ ، ته‌ماشا ده‌كرێت شوێنى قوتابى و خوێندكار زانكۆيه له ڕووى زانست و خوێندن و فێركردندا، بۆيه پابه‌ند و هاوڕييه‌تى له نێوان ئه‌و دوو وشه‌يه ده‌بينرێت.

سيمانتيكى سيمبول (ره‌مز) بابه‌تێكه ده‌چێته خانه‌ى واتاسازى و په‌يوه‌ندييه‌كى باشى له گه‌ل پابه‌ند و هاوڕييه‌تى هه‌ى كه پاشان ئاماژه‌ى بۆ ده‌كرێت,

**ناونيشانى باسه‌كه :**

ناونيشانى ئه‌م باسه له سه‌ر ديرى(پابه‌ندوهاوڕييه‌تى له واتاسازى كوردى و سيماتيكى سيمبول له زماندا) كه بابه‌تێكى شيكارى وه‌سفييه و ڕۆشنايى ده‌خاته سه‌ر دوو بابه‌تى سيمانتيكى (پابه‌ندو هاوڕييه‌تى) و (سيمانتيكى سيمبول) كه دوو بابه‌تى هه‌نووكه‌يى واتايه.

**سنوورى باسه‌كه:**

باسه‌كه شيكارى وه‌سفييه ه ڕۆشنايى ده‌خاته سه‌ر بابه‌تى پابه‌ندو هاوڕييه‌تى ه سومبول له زمانى كوردى به گشتى و بوارى واتاسازى و پراگماتيك به شێوه‌يه‌كى تايبه‌تى.

**به‌شى يه‌كه‌م : پابه‌ندو هاوڕييه‌تى(الاقتران والترافقيه)**

**ته‌وه‌رى يه‌كه‌م: چه‌مك و پێناسه‌ى پابندو هاوڕييه‌تى**

هه‌ردوو زاراوه‌ى پابه‌ند وهاوڕييه‌تى پێكوه به‌ستراون و واتايان له يه‌كه‌وه نزيكه ، به‌ڵام جياوازييه‌كى كه‌م له نێوانيان به‌دى ده‌كرێت.

زماننا‌س (بيرزگ –١٩٣٤) زۆر بايه‌خ و گرنگى به بابه‌تى پابه‌ندو په‌يوه‌ندى نێوان كه‌ره‌سه‌كانى زمان داوه بۆ نيشاندان و ڕوون بوونه‌وه‌ى ئه‌و په‌يوه‌نديه پته‌و و به هێوه‌ى تاو به‌شه‌كانى ئاخاوتن و ڕسته‌و ئه‌نجا ده‌رخستنى له ئاستى واتا و پراگماتيكى نێو زماندا.

(بيرزگى) زماننا‌سى ئه‌ڵمانى زۆر گرنگى و بايه‌خ ده‌داته په‌يوه‌ندى پابه‌ندى(العلاقات التلائمية)نێوان پێكهاته‌كانى زمان ،وه‌ك پێوه‌ندى نێوان (گه‌ستن و دان)،(وه‌ڕين و سه‌گ)،(ماش و برنج و قژ)،(خوێندكار ه زانكۆ).

ئه‌و زانايه ئاماژه بۆ په‌يوه‌ندى پابه‌ندى له بابه‌تى وشه‌ى (كورسى) ده‌كات .

أ–(كورسى) منداڵه‌كه جوانه.

ب–( پ–(كورسى)يه‌كه جۆرى ته‌خته‌يه.

پ–پارتى كريكارانى به‌ريتانيا(١٢كورسى) له ئه‌نجومه‌ن به‌ركه‌وت.

ت–ئازاد (كورسييه‌كى) له زانكۆ به‌ركه‌وت.

(پابه‌ندى) ته‌نيا به‌ستنه‌وه‌و گرێدانى بيرۆكه‌كان نييه، به‌ڵكۆ جۆره په‌يوه‌ندييه‌كى مه‌عريفىو ده‌روونى و كه‌ڵچه‌رى پێكه‌وه گرێيان ده‌داتو له ڕسته‌ى (أ) مه‌به‌ست كورسى دانيشتنى منداڵ بوو ،واتا كورسى دانيشتن، نه‌ك كورسى حه‌سانه‌وه و كورسى باخچه‌و كورسى له‌رينه‌وه‌.... له ڕسته‌ى (ب) جۆرى كورسييه‌كه‌م بۆ پيشان ده‌دات له چى كه‌ره‌سته وماددەيه‌ك دروست كراوه ، له ئاسن،پلاستيك، ئه‌له‌منيۆم، شووشه، له وه‌ڵامدا ده‌ڵێت (ته‌خته).

له ڕسته‌ى(پ) مه‌به‌ست نه‌ك كورسى دانيشتن ، به‌ڵكۆ ئه‌نداميتى له په‌رله‌مان ، وه‌ك چۆن ده‌ڵێين ( پارتى كريكاران ١٢ كورسى له ئه‌نجومه‌نى پيران ده‌ست كه‌وت)، واتا ١٢ ئه‌ندام و نوێنه‌رى له‌و ئه‌نحومه‌نه هه‌يه ،كه سه‌ر به پارتى كريكارانن.

له ڕسته‌ى (ت) بۆمان ڕوون ده‌بێته‌وه ،كه ئازاد فێرخوازه‌و له زانكۆ ناوى ده‌رچووه و بووه‌ته فێرخوازر زانكۆ، ((له‌م چوار ڕسته‌يه ئه‌وه‌مان بۆ ده‌رده‌كه‌وێت كه (كورسى) په‌يوه‌ندييه‌كى پابه‌ندى تۆكمه‌و پته‌وى له

گەل ئەو بابەتانە هەیە))ز(دوسەباح موسا عەلی:٢٠٠٩:٥٤).

(پابەندی) زۆر بوار و لایەنی جۆراوجۆر دەگرێتەوەو (بیرزگ) زمانناس داکۆکی لە بیرۆکەکانی خۆی دەکات ورای‌دەگەیەنێت ،کە پەیوەندی نێوان ماش و برنج و قژ هەیە،کەچی ناڵێین (دەرگایەکی سوور دیوارێکی سوور)،ئەم سێ لایەنی لە بابەتی ڕەنگکان وەك کەرەستەیەکی پابەندی و هاورییەتلی دەستنیشان کردووە(أ.پالمەر:١٩٨٦:٨٢).

(پابەندو هاوڕییەتی) واتا ڕێکخستن و گونجاندن لە نێوان فۆرم و کەرەستەکانی زمان و پەیوەندی تەاوی بە لایەنی دەروونی و مەعریفی و رۆشنبیری و شارستانییەتەوە هەیە، دەکرێت دوو فۆرم لە یەك خانەی هاوڕییەتی دابنرێت، بە وێنە کە دەوترێت

## تەوەری دووەم :

## پابەندو هاوڕییەتی لە ئاستی واتاسازی و پراگمانیکدا

پابەند و هاوڕییەتی جۆرە ڕێکخستن وگونجاندنێکە ، کە ئاخێوەرانی کۆمەڵگا لە سەری کۆکن ÷ هەر چۆن لە بابەتەکانی تری زمان بە هەمان شێوە ، ڕێکەوتن دەبینرێت، هەر هاورێتییك ، ڕێکەوتنی لە سەرە ، گشتییەکان ئەو هێچ گۆمانی تێدانییە ، بەڵام لە سنوری کۆمەڵگایەك ئەوا بە هەمان ریچکە جۆرە تایبەتمەندی بەدیّ دەکرێت، وەك ئەوەی گشتییە(فێرخواز و زانکۆ)،(چاو و سەوز) و( کەڵبە و شێر)(سروشت و جوانی) (مێزو نووسین)..هتد.

بەشێك لە بابەتی پابەندو هاوڕییەتی لە سنووری کۆمەڵگایەك یان شارێك یان ناوچەیەکی داخراو ، بە وێنە لە زمانی کوردی (زمان و لووس)،( دەست و ڕەنگی ڕەش)،(دڵ لە گەڵ گەورە، ڕەق، نەرم،پاك)

((هاوڕییەتی واتا پەیوەندی ئاسایی بە یەکەوو هاتنی وشەیەك لە گەڵ هەندێ وشەی تری ناو رستەیەکدا، لە سەر بنەمای ڕێکەوتن،پەیوەندی هاوڕییەتی نێوان وشەکانی زمان وهەندێ وشە هەن رادەی بەکارهێنانیان بەرزەو هەندێکی تریان نزمە، لێرەدا کەرەسەی بە دەسەڵات بە تەواوی زاڵە بە سەر کەرەسە بێدەسەڵاتەکەدا، لە هەر شوێنێك بێت ئەوا بە دوای خۆیدا رای‌دەکێشێت، ئەم راکێشانەش پێی دەڵێن (کۆتی هاوڕییەتی))(د.عبدالواحد موشیر دزەیی:٢٠١٠:١٢٤)، بۆ نموونە :

پیاوەکە(شیر، ئاو،چا،شەربەت،......)دەخواتەوە.

پیاوەکە(نان،سێو،گوشت، ماسی،.....) دەخوات(لاینز:٤٠:١٩٦٨).

تەماشای هەردوو رستەی سەرەوە دەکرێت ،تێبینی ئەوە هەیە ،کە لە رستەی یەکەم پەیوەندیی تۆندوتۆڵ لە نێوان وشەکان(شیر،چا،شەربەت و وشەی خواردنەوە هەیە لە بەر ئەوەی ئەو وشانە بۆ خواردنەوەن، کە چی لە رستەی دووەم وشەکان(سێو،گۆشت ،ماسی) پەیوەندی هاوڕییەتییان لە کەڵ وشەی دەخوات هەیە، گریمان وشەکانی رستەی یەکەم لە گەڵ وشەی (دەخوات ) رێك بخرێت ، دەبینرێت لەنگی وناڕێکی دروست دەبێت ، کە ئەمەش دەچێتە خانەی (جیاوازی))، واتا نەگونجاندنی دوو کەرەستەی جیاواز، هاوڕییەتی لە نێوان گەستن ودان هەیە بەڵام هاوڕییەتی لە نێوان گەستن و لووت یان چاو نییە،جیاوازییە،راستە جیاوازی پەیوەستە بە بیرۆکەی نەریّ(نەفی) وەك دژواتا ،کە ئەو وشانەن کە یەکتر داناپۆشن.

مەبەست لە واتای تێکەڵی یان هاوڕییەتی( collective Meaning)ئەو ((واتایەیە کە وشە پەیدا دەکات لە ئەنجامی پەیوەندی کردنی لە گەڵ وشەی تردا کە لە بەرانبەری یان گەڵی دێت لە باری تایبەتیدا))(بێخاڵ عبدالله سعید:١٩٨٩:١٩).

(جوان ) و(قۆز) هاوواتان ،بەڵام بە پێی ئەو واتانەی لە پاشیانەوە دێت جیا دەکرێنەوە، بەم شێوەیە:

کوڕ +پیاو ـــــ قۆز

کچ +ژن+گوڵ+ جل ـــــ جوان

وشەی(میاواندن، وەڕین ،حیلاندن ) لە ڕووی گەیاندنی مەبەستەوە ، کە دەنگی گیانلەبەر دەگەیەنێت ، هاوواتان، بەڵام هەر یەکێکیان بە پێی ئەو وشانەی لە دوایانەوە دێت ،لە ڕستەدا یان لە دەستەواژەدا ،(میاوان)تەنیا لە گەڵ پشیلە هاوڕێیە، (وەڕین) تەنیا لە گەڵ (سەگ) هاوڕپیە، (حیلاندن) تەنیا لە گەڵ (ئەسپ) هاوڕێیە.

ئەم هاوڕێیەتییە بنچینەیەکی زانستییانەی نییە ،بەڵکو سەرهەڵدانی پەیوەندی بە چەند بارێکی ڕەوشت وباری کۆمەڵایەتییەوە هەیە.

کروس) دەربارەی پێناسەی هاوڕێیەتی دەڵێت((هەفالینی دیتە وەسفکردنا ب هاتنازنجیرەیەکا یەکین فەرهەنگی ل دوفئیك))(سلیمان هشیار محمد:٢٠١٦:٣٨)

فێرسی زماناس دەربارەی هاوڕێیەتی دەڵێیت ((بەکارهێنانی دوو وشە یان یەکەی زمانی فەرهەنگی جودا،کە هەردووکیان پابەندن بەیەکەوە))(احمد مختار عمر:١٩٨٢:٧٤).

واتای پابەندو هاوڕێیەتی واتا هاوڕێیەتی لە گەڵ وشەکانی تری زماندا دروست ببێت ، لە نێوان دوو وشە یەکێکیان ئەوەی تر بە لای خۆیدا دەبات ، ((بۆ نموونە وشەی (کاڵ) لە ئەنجامی بەکارهاتنی زۆر لە گەڵ وشەکانی(ڕەنگ،چاو،چا) ئەوا هاوڕتییەکیان پەیدا کردووە:

کــــاڵ ــــــــ چــاو

کــــاڵ ــــــــ ڕەنگ

کــــاڵ ــــــــ چــا

بە دوا هاتنی وشە لە سنووری ڕستە بە پێی سیستمێکی دیاریکراو پێی دەگوترێت هاوڕێیەتی(د.محمد علی الخولی :١٩٩١:٤٦).

وشە لە ئەنجامی بە یەکەوە هاتنی زۆرەو دووبارەبوونەوەی واتایەك پەیدا دەکات و پێی دەڵێن (واتای هاوڕێیەتی) ، ئەم جۆرە واتایەپەیوەندییەکی شوێنی ئاسۆییە لە ئەنجامی هاوبەشی کردنی وشەیەك لە کەڵ چەند وشەیەکی تری پەیدا دەکات (لیچ::١٩٧٤:٢٠).

بە وێنە، یەکێك لە واتاکانی شەو تاریکییە ،سەرەڕای لایەنی ڕەنگی ڕەش و هاڤدژی ڕۆژ،وشەی تاریکی هەمیشە لە گەڵ شەودا دێن،ئەم واتایەی وشە بە هۆی هەلسوکەوت و هاتنی لە گەڵ وشەی تردا پەیدا دەکات (محمد معروف:١٩٩١:١٦١)و لە سەر بنەمای پەیوەندی وشەیی کار دەکات (احمد مختار احمد:١٩٨٢:٤٢)، بۆ نموونە هەردوو وشەی (چاك و باش) لە هاوواتادا لە یەك دەچن ، بەڵام لە واتای هاورییەتیدا لە یەکتری حیان، وەك:

١٠ بەیانیت باش

٢- یەیانیت چاك

لێرەدا دەبینین ڕستەی دووەم نائاسایی واتای دروست کردووە ، چونکە بەکار نایەت ، (بەیانی) هاوڕییەتی پتەوی لە گەڵ (باش)زیاترەو نەك(چاك)(عبدالواحد مشیر دزەیی:٢٠٠٧.٤)، ئەم حۆرە واتایە لە سنووری فرێز و ڕستەدا هەستی پێ دەکرێت و بنچینەیەکی زانستییانەی هەیە (بێخاڵ) عبدالله سعید:١٩٨٩:١٩)،چونکە دوورە لە دابونەریت و ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و باری دەروونی کەس، جا ئەگەر ئەم هاوڕیێەتییە بەزێندرا ئەوا ئاساییە واتا دێنیتە بەرهەم،کە زۆر جار لرۆژنامەکان لە سەر دێرەکاندا بەکاری دێننبۆ ئەوەی زیاتر خوێنەر بۆ لای خۆیان ڕاکیشن و هەستییان دەرۆژینن ، بۆ ئەم مەبەستە گوێگر ئەرکێکی زۆری دەکەوێتە سەر تا لە مەبەست بگات دەبێت لە ڕێگای پراگماتیکەوە لێکدانەوە بۆ بکرێت ، ئەمەش دەبێتە کێشە بۆ خوێنەرەکان کە یەك ئاستی ڕۆشنبیرییان نییە تا بە تەواەی تێی بگەن (عبدالواحد موشیر دزەیی:٢٠٠٧:٤).

## تەوەری سێیەم:

## بەراوورد لە نێوان پابەندوهاوڕییەتی و( داپۆشین وبەش لە گشت):

### ١- هاییۆنیم(داپۆشین-گرتنەوە-الاقتران) Hyponymy

داپۆشین یان گرتنەوە گرنگترین پەیوەندیی واتاسازی ڕۆنانییە و بریتییە لەو پەیوەندییەی لە نێوان دوو وشەدا هەیە کە واتای یەکێکیان ئەوەندە فراوان بێت واتای وشەکەی تر بگرێتەوە ،((داپۆشین لە سەرێکەوە نزیکە لە هاوواتا ، چونکە وشە گشتییەکە دەتوانێت شوێنی وشە تایبەتییەکە بگرێتەوە وەك باڵندە (کۆتر،بولبول،تاوس،..))جا کاتێك دەڵێین:

تاوسێکم هەیە = باڵندەیەکم هەیە (د.عبدالواحد موشیر دزەیی:١١٣:٢٠١٠).

لە بابەتی گرتنەوە و داپۆشین زاراوەیك هەیە پێی دەوترێت زاراوەی گشتی (داپۆشەر-cover word) و چەند زاراوەیەکی تایبەتی هەیە، کە پێی دەوترێت (subordinate)، زاراوە تایبەتییەکانپۆلێك دروست دەکەن لەناو زاراوە گشتییەکان (احمد مختار عمر: ١٩٨٢:٦٦)وەك: گوڵ(میخەك، دالیا،نێرگز،وەنەوشە،...)ئەم وشانە بەشێکن لە گوڵ و وشەکانی تریش ئەندام و بەشێکن لە گوڵ.

مێوەیەکی جوانم کڕی ،ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە سێو، هەرمێ، ترێ ،کێویم کڕیوە ،بەڵام کاتێك بڵێین:سێوم کڕێ واتای ئەوەیە مێوەم کڕیئەنجا وشەی (سێو،ترێ، هەرمێ..) بەشێکن لە وشە سەرەکی و گشتییەکە کە مێوەیە.

زاناکان پێیان وایە کە داپۆشین واتا سەرخان (هایپۆنیم )Hyponymy( کە مەبەست زاراوە گشتی و سەرەکییەکەیەو ژێر خان(Hypernymyأ) واتا زاراوە تایبەتی و خوارەوەی سەرەکییەکە،بە وێنە دەوترێت:

سەرخان وشەی ڕووەك و ژێر خان (گوڵ و درەخت و گیا) ، لە هەمان کاتدا هەر یەکێك لە وشە ژێرخانەکان وشەی ژێر خانتری خوارەوە هەیە کە پێی دەوترێت تاکسۆنیم واتا ژێرخانی ژێرخان، بە وێنە کە وشەی درەخت ژێر خانی ڕووەکە ، کەچی درەختەکەش ژێرخانی خۆی هەیە و وەك: درەختی بەرهەم دار و درەختی بێ بەر ، یان لە گیانلەبەر ژێر خانەکەی (مرۆڤ، ئاژەڵ ، میروو)،کەچی ئاژەلیش تاکسۆنیمی هەیە وەك (باڵندە،خشۆك،ئاوی،شیردەر)، هەر یەکێك لەمانەش ژێرخانی خۆی هەیە :

باڵندە = کۆتر،قەلە ڕەش، چۆلەگە،...(احمد مختار عمر:١٩٨٢:١٠٠).

بە وێنە دەڵێین وشەی (سەگ) یان وشەی ( بەرخ) ، کە دوو گیانلەبەری هەمان جۆرن کە شیردەرن، هەمان شت بۆ ئاژەڵی دیکە ،وەك (بەران) و(مالۆس) و وشەی( ئەسپ) بۆ نێری ئاژەڵەکەو هەردوو وشەی (ماین و ئێستر) بۆ مێی ئەسپ، ((وشەی (سەگ)بە گشتییە بۆ ئاژەڵێکی شیردەری کەڵبەداری ماڵی گۆشت خۆر، کەچی( گەماڵە بۆر) بۆ نێر و (دەڵە) بۆ مێی سەگ ،وەك لە خوارەوە روونە))(ف.ر.پالمەر:١٩٨٦:١٢٠).

سەگ مەڕ

١

. ١ ١ ١ ١

١ ١

سەگ گەماڵە بۆر دەڵە مەڕ

بەرخ بەران

ئێمە دەتوانین لە بری گەماڵە بۆر بڵێین سەگی نێر بەڵام ئەمەش وامان لێدەکات ،تووشی کێشە بین ، لەبەر ئەوەی لە هەندێ زمان نێر و مێ نییە، داپۆشین سوودی هەیە بۆ ڕەنگدانەوەی میشکی مرۆڤ چونکە هەوڵ دەدات شتی دەوربەر کۆبکاتەوە ، لە بەر ئەوە داپەشین یان هایچۆنیم چۆلینکردن دەداتە مرۆڤ لە شانەی گەورەوە بۆ بچووك لە داپۆشیندا دەبێت لە بچووکەوە بۆ گەورە بێت .

داپۆشین وهایپۆنیم جیاوازی لە گەڵ پابەندو هاوڕییەتی هەیە ، لە پابەند وهاوڕییەتی دوو زاراوە یان وشە ، پەیوەندی هاوڕییەتی لە نێوانیان هەیە ،وەکوو قوتابی و زانکۆ، بەڵام لە هایپۆنیم، سەرخان ە ژێر خان دوو بەشی پێکەوە گرێدراون و خاوەنیەك ڕەگوریشەو بنەماڵەن.

(هایپۆنیم بریتییە لە پەیوەندییەکی واتایی زنجیرە هەرەمی ، کە لە نێوان دوو وشەدا دروست دەبێت،

بەوەی واتای یەکێکیان لەوی تردا هەیە))(د.عبدالله عزیز محمد بابان:١١:٢٠٠٥)،((داپۆشین تێیدا وشەیەك وشەی/ گشتی/ دەبێ و چەند وشەیەکی تر لە رووی واتاوە دادەپۆشی –گوڵ ،دالیا، نەسرین ،مێخەك، هێرۆ))( هیمداد حۆسین بکر و صباح رشید قادر:٤٧:٢٠٠٩).

## ٢-بەش لە گشت Part-whole relation

بەش لە گشت ئەو پەیوەندییە نەپچراوەی نێوان دوو وشە لە رەگ وریشەو بنەچە زۆر نزیکن ، وەك پەیوەندی دەست بە جەستەوە یان پەیوەندی پەنجەکان بە دەستەوە، دەست جۆرێك نییە لە جەستە یان پەنجە لە جۆری دەست نییە،بەڵام بەشێکە لە جەستە،بەڵام پرسیارەکە لەوەدایە بەش بەشێکە لە گشت یان گشت بەشێکە لە بەش، لە وەڵامدا راوبۆچوونی جیاواز هەیە، یان دەوترێت دەسك و دەرگا ،دەسك بەشێکە لە دەرگا ،دەرگاش بەشێکە لە خانۆ، ناتوانین بڵێین ،دەسك بەشیکە لە خانۆ، لەبەر ئەوە دەکرێ بڵێین دەرگاکە بێ دەسکە یان خانووەکە بێ دەرگایە بەڵام خانۆ بی دەسك ،نابێت ،کەواتا پەیوەندییەك لە نێوان دەسك و دەرگا و دەرگا و خانۆ هەیە ، نەك دەسك و دەرگا(احمد مختار عمر:١٠١:١٩٨٢).

جیاوازی بەش لە گشت و داپۆشین ئەوەیە دەست بەشێکە لە جەستە ، کەچی لە هایپۆنیم پەیوولە بوشێك نییە لە کوتر یان لە میروو، یان دەسك و دەرگا بەشن لە یەکتری کەچی لە گرتنەوە بەشی یەکتر نین.

جیاوازی نێوان هایپۆنیم و بەش لە گشت لەوەدایە ،لە داپۆشین و گرتنەوە ،دوو یەکە یان دوو وشەی زمان ئەوەی یەکەم جۆرێکە لە یەکەی دووەم وەك:

کەیبا جۆرێکە لە ماشین و ئۆتۆمۆبیل

نێرگز جۆرێکە لە گوڵ

کۆتر جۆرێکە لە باڵندە

بەڵام بەش و گشت جۆری یەکتر نین بەڵام بەشەکە بەشێکە لە یەکە گشتییەکە،وەك:

ستێرن بەشێکە لە ئۆتۆمۆبیل نەك جرۆێك بێت

گەڵا بەشێکە لە گوڵە نێرگز

پەڕ بەشێکە لە کۆتر نەك جۆر

واتا (کەیبا و نێرگز و کۆتر ) دەبنە جۆرێك لە (ئۆتۆمۆبیل و گوڵ و باڵندە) وبەمجۆرە (ستێرن و گەڵا و پەڕ) دەبنە بەشێك لە ( ئۆتۆمۆبیل و نێرگز و کۆتر).

## بەشی دووەم: سومبول

### تەوەری یەکەم: چەمك و پێناسەی سومبول

دوو پیاو لە بازاری جەنجاڵی ناو شار سەرقاڵی گفتۆگۆ و دەمەتەقی بوون و هاتنە سەر باسکردنی کێشەی پاسی ناو شارو هاتە گوێی یەکێکیان بەوەی تری دەووت کەی کاتی ئەوە ماوە هاوڵاتیان بە (کۆستەروکەیبا)هاتۆچۆ بکەن و ئێستاکە دەڵێین لە وڵاتان میترۆومیترۆ پاس وشتی تر لەوە پێشکەوتوونر بەکاردەهێنن، کەچی لای خۆمان هەر ئەوەی پێش چڵ سالە و هاورییەکەی وەڵامی دایەوەو ووتی ، لە هەندێك ناوچە پێی دەڵێن (نیرینی) یان (ریم) وزۆری تر، ئەم زاراوانە لە بواری ماشینی گواستنەوە سەرنجی راکێشا و بووە هەوێنی ئەم باسە.

لێرە باسی هەردوو وشەی(سومبول ، هێما ) دێتە پێشەوە ، سومبول واتا (رەمز) لە زمانی عەرەبی و(هێما) واتا (اشارە) ، ئەم دوو وشەیە نەك لە بواری زماندا بوکار دێت، بەلکو لە بواری ئەدەب و زمانی رۆژانەی خەلکی و لە نێو لاپەرەی کتێب و رۆژنامەو گۆڤارەکان بوونەتە وشەی ئاسایی، ئەوەی جێی سەرنجە زۆر لە رۆشنبیرو تەنانەت زمانەوانەکان جیاوازی لە نێوان ئەو دوو وشەیە ناکەن .

سەبارەت بە پێناسەی زاراوەی (سومبول) پێناسەی زۆری بۆ کراوەو زۆربەی یەك واتا و پێناسە دەدەنە دەستەوەو،

سیمبول دیاردەیەکی زمانەوانییە و جیگێرە و لە بابەت و بوارەکانی زماندا دەردەکەوێت چی لە بواری شیعرو ئەدەبیات و چی لە بەرهەمە هونەرییەکان و تویس هۆزیك ((شیعریێك نییە کە تۆزێك رەمزی تێدا نەبێت و بوونی لە واقیعەوە وەردەگرێت و دەگاتە توانای تێگەیشتن،دیارە لەو کاتەدا واقیع و بارۆدوخ تێپەر

دەكات و زیاتر رونترو جوانتر دەبێت))(د.محمد معروف::٢٠٠٧).

لە بارەی پێناسەی ( سومبول-رەمز) زۆر پێناسەی جۆراوجۆری بۆ كراوەو هەندێكیان لە خاڵێكی هاوبەش یەك دەگرنەوە وهەندێكی كەمی تریان جیاوازن،یەكێك لەو پێناسانە دەڵێت ((سومبول هۆیەكە بۆ ناساندنی شتومەك بەڵگەیەكە بۆ پشت راستكردنەوەی شتێك كە رێكەوتنی لە سەرە))(د. دەروون عبدالرحمن سالح:٢٠١٢:٣٣).

فەرهەنگی ئۆكسفوردبەم شێوەیە پێناسەی دەكات ((سومبول بریتییە لەوەی شتێك لە جێی شتێكی تر بێت یان بەرجەستە بكات یان دەلالەتی لە سەر بكات یان ویكچوونیٚ بە رێكەوتن و رەزامەندی لە سەر هەبێت.((د.دەررن عبدالرحمن سالح:٣٣:٢٠١٢).

(سزمبول)(( هۆیەكە بۆ ناساندنی شتومەك و بەڵگەیەكە بۆ پشت راستكردنەوەی شتێك كە ڕێكەوتنی لە سەرە))(د.دەررن عبدالرحمن سالح:٢٠١٢:٣٣).

فەرهەنگی (ئۆكسفورد) بەم شێوەیە پێناسەی سومبول دەكات((بریتییە لەوەی شتێك لە جێی شتێكی تر بێت یان بەرجەستەی بكات یان دەلالەتی لە سەر بكات یان وێكچوونیٚ بە رێكەوتن و رەزامەندی لە سەر هەبێت))(د.دەروون عبدالله سالح:٢٠١٢:٣٤).

سۆسێر دەڵێت((نیشانەی سومبول نیشانەیەكی رەمەكی نییە پەیوەست بێت بە دانانەوە، بەڵكو لە سەر بنەمایپەیوەندی سروشتی نێوان ناو و ناولێنراو.))(د.احمد مختار احمد:١٩٨٦:٦٢).

زماناناس (لۆریگۆ) پێی وایە وشەی سومبول وشەیەكی پر بە پیست نییە چونكە پاش سۆسێر بووە باو ،كە دەبێت جیاوازی بكرێت لە نێوان ئاماژە و سومبول ،سومبول پەیوەستە بە ئاماژە و كارەكە رەمەكی نییە ،بەلكو روون و ئاشكرایە و رێكەوتنی لە سەرە، وەك نیشانەی سووری بواری ڕێگاو بان ،كە واتای وەستان دێت،ورێكەوتنی لە سەرە))( لۆریگۆ:١٩٨٦:٣٤١).

لۆریگۆ دەپرسێت ئایا وشەكە ئاماژەیە یا سومبولە ،كومان نییە ئاماژەیە و روون و ئاشكرایە و پێمان دەڵێت كە سەرجەم خەڵك كۆكن لە سەریدا.

زماننناس (وبیستەر)دەڵێت ((هەموو كەرەستەیەك كە گۆزارشت لە كۆمەڵێك بەهاوماناو واتا بكات دەبێتە سومبول ، لەوانەشە لای هەندێكی تر یان میللەتێكی تر بابەتێكی تر بێت،كۆتر سومبولە و گۆزارشت لە ئاشتی و پاكو خاوینی دەكات ،لە بواری جەنگ و شەردا سومبولی ئاشتییە و لە بوارێكی تر سومبولی خاوینی و پاكیزەییە.

**<u>تەوەری دووەم:</u> ڕا وديدی جیاوا ز**

زۆربەی زماننا‌سان وای بۆ دەچن ،كە سومبول زۆر جیاوازە لە گەل نیشانە و ئاماژەو هێما،دەڵێن،(سومبول)ئاماژە بۆ چەمك و بیرو بۆچوون دەكات، دەتوانین بە ئاسانی لێی بگەین و ناولێنراو بە ئاساتی ئاماژەی بۆ دەكرێت بە وێنە (ئاڵا یا رەنگ) لە سەر رێگایەك بچەقینرێت ،ئەوا نیشانەی ئاستەنگێك یان كێشەیەك لە سەر ئەو رێگایە هەیە،بە تایبەتی گەر ئاڵاكە سوور بێت،بەلام هەمان ئاڵا لە سەر بارەگای باڵەخانەیەك یان دەزگایەكی وڵاتی خاوەن سەروەری و شەكاوە بێت ، ئەوا ناولێنراوەكە زۆر ئاڵوز و قورس دەبێت...چونكە لێرەدا هەڵگری ئایدۆلۆژییەت و سەروەری یان دەلالەتی سیاسی وڵات دەكات، یەكەم ئاڵا ئاماژە بوو بۆ ترسناكی و كێشە، دووەم سومبول و رەمزە بۆ شكومەندی و سەروەری وڵاتەكە.

سومبول وەك كەرەستەیەكی زمان ،بەهاكەی نیشان دراوەو بۆ زۆر بابەت و بوار بەكاردەهێنرێت، یەكێك لە لێكدانەوەكان پەیوەستە بە هۆكاری دەروونی و ئەوەش لە یاد ناكرێت ، هۆكاری سیاسی و جوگرافی و ئابوری و كۆمەڵایەتی رۆڵی بەرپاویان هەیە و بە تایبەتی هۆكارە دەروونییەكان وكارێگەری ڕاستەوخۆی لە سەر درەست بوون وپەیدابوونی رێكەوتنی سومبولی و لەوانەش زاراوەی (خاچ)كە بۆ كریستیان و فەلە وغەیرە فەلە،یەك هێماو واتای هەیە و لە یەكێكەوبۆ یەكێكی تر ناگۆرێت و كۆمەڵانی خەڵك لەسەری كۆكن،وەك گڵۆپی سوور لە ترافیك لایتدا ئاماژەیە بۆ وەستان ، لە شوێن و چێگاو كاتی تر ئاماژەیە بۆ واتایەكی تر، لە سەر دەرگای ستۆدیۆی پەخشی tv واتا پەخشی ڕاستەوخۆی بابەت ە هەواڵە، یان لە دەرگای هۆڵی

بەرپرس واتای کۆبونەوەی داخراوەو لە بابەتی ئەڤین و خوشەویستی گوڵی سوور واتای دڵسوزی و وەفاداری و خوشەویستییە.هەڵکردنی ئاڵای =سوور لە سەر ماشینی سەربازی واتای ترسناک و جەنگ و مەترسییە.

**تەوەری سێیەم:سومبول وەك کەرەستەی ئابوری و ماڵداری و ئیکۆنۆمی**

مرۆڤ لە گشت کات و سەردەم و رۆژگاریکدا لە هەوڵ و خەمی ئەوەدایە ، کە دەست بە کۆمەڵێك شت وەك وزە و توانا بگرێت وبۆی بکرێت بالانسی وزە رابگرێت وبەردەوام خۆی لە گەل هەموو بارۆدۆخێکی نوێدا رێك بخات تا رێگا بگرێت لە بە فێرۆدانی وزە و نەهیلێت بە خۆرایی بروات،بۆیە ماڵداری و ئابوریکردن لە زمان سەرجەم ئاستەکانی زمان دەگرێتەوە .

لە هەندێك بەکارهێنانی زمان ، بابەتی ئابوری و ماڵداری کری زۆر پیویست و گرنگە، بەشێك لەم بوارە زمانەوانییە وەکوو( شاری هەولێر ..پایتەختی هەریمی کوردستانە)،ماڵداری لەم ڕستەیە دەکرێت و دەوترێت( پایتەخت)،پ)رۆفیسۆر (بی.ماڵلبرگ Bertil Malmberg)

کە سەر بە قوتالخانەی فەرەنسییە لە بارەی کورت لرێ وناڵداری دەڵێت((لە کاتی درکاندنی دەنگە زمانییەکان قسەکەر هەوڵ دەدات بۆ دەستەبەرکردنی بەرزترین ئاستی گوزارشتکردن لە بەرانبەر کەمترین وزە، هەر بەم هۆیە قسەکەر هەول ٚ دەدات لە کاتی پێکەوە بەستنی دەنگێك بە دەنگێکی ترەوە دوور دەکەوێتەوە لە جوولە دەربراوەکان ، کە دەتوانرێت دەستیٚ لیٚ هەڵبگیرێت بۆ بەدەسهێنانی دەنگی ویستراولە کاتی بە دوایەك هاتنی دوو دەنگ وەك یەك، بە وێنە لە گۆزارشتکردنی ئیکۆنۆمی کردن دەکرێت،لە وزە بە دەستهەڵگرتن لە یەکێك لە دەنگەکان ، خەڵکی سوریا کە دەچن بۆ (دیمەشق)ی پایتەختی سوریا، دەڵین دەچم بۆ شام ، لێرەدا سومبولە بۆ پایتەختی وڵاتێك ، لە کۆن وشەی (شام) ئاماژەی بۆ چوار وڵات دەکرد ، کە سوریا و ئەردەن و لوبنان و فەلەستین بوو، (شام) لە زمانی عەرەبی واتا ناوچەی سەوزایە و بە پیت و خۆش.

لای خۆمان ژمارەیەك ناوی ماشین و ئۆتۆمۆبیل وەك سومبول بەکاردێت ،)وەنەوشە، مەرزییە، ئۆباما،....)لە زمانی عەرەبیش زۆر وشە و زاراوە وەك سومبول بەکاردێت ،(سەورە–شۆرش) ، لە هەلچوونی ئاژەڵی (گا –سور) هاتوەە، کە واتای شۆرش دژ بە سیستم و رژیمی سیاسی وڵات.

**تەوەری چوارەم:بواری سومبول لە ئاستی واتاسازی و پراگماتیك**

زاراوەی سومبول چەمکێکی فراوانی چالاکە،بوارو مەودای بەکارهێنانی زۆر فراوانە،بە پێی رۆژگارو سەردەم و پێشکەوتن و گوشەسەندنژیان و زمانیش بەشێکی نەپچراوی ئەو پێشکەوتن و گەشەسەندنەیە، ئایین و مەزهەب ە ئایدیا و ئایدۆلۆژییەت بە پێی دابونەریت و هەڵسوکەوت و باری کۆمەڵایەتی، رۆڵی هەیە بە بواری گەشەسەندن و نەشونماکردنی سومبول، لو گۆران و جێگۆرکییە،(پاس ،کۆستەر،پۆلۆنی،..)لە ساڵانی پێشوو بۆ گوزارشت بوو لە هۆیەکانی گواستنەوە،پێشکەوتن وگەشەسەندن لە سومبول شان بەشانی بوو،ئەمرۆ ئەو ماشینانە کەم بونەتەوەو شتی نویٚ هاتۆتە ناو مەیدانەکە،سومبولی تازەش لە گەڵیا پەیدا بووە،(کەبیا،فارە،جیم سی و زۆری تر).

لە لایەنی کۆمەڵایەتی ، رشە وزاراوە رۆڵی لە کاروباری ژیانی رۆژانە هەیە،کە دەوترێت(ئەحە ژنانی)گوزارشت لە کەسێکی زۆر حەز لە ناو ژنان بکات،(چلێس بۆ رژشتی و رەزیلی)،(چاو چنۆك)بۆ بواری تەماح و حەسوودی ،(خولە پیزە) بۆ ئازایەتی و(حەمە قەدۆ یان حەمە ئاغای کۆیە) بۆ دەوڵەمەندی و دەست رۆیی وزۆری تر.

لە بابەتی رامیاری و دبلۆماتی ،زۆر سومبول لە گەل رۆژگارەکە هاتۆتە مەیدان کە دەربرینی ناوی لایەن و رێکخراو دەکات و هەمان کاتیش دەبنە ئەکرۆنیم بۆ ئەو دەزگایە، بە وێنە سومبولی (پەکەکە)ئاماژەیە بۆ رێکخراوی پارتی کریکارانی کوردستان و هەمان شت بۆ پژاك و هەدەپە و یەدەپەو puk،وpdkو رێکخراوە جیهانییەکان وەك (یونسیف ، یۆنسکۆ، ئۆپیك،داعش،cNNوNRTو UNوCIAوئەلیزیە وکرملن و کۆشکی سپی و مەککە و حۆسین و قوم و نەجەفو تا دوایە).

بابەتی ئابۆری و دارای شبە هەمان شێوە ، سومبول چووەتە ئەو بوارانەش ،وەك، ( چاوبرسی، حاتەم

تائی،زگ رەش ،بازاری رەش ،دەست رەش،سپی کردنەوی دراو،...).

وشەی (دراو – نقد) نرخی شتۆمەکە، لە راستیدا نرخ نییە وەك دەزانین بەڵکو گوزارشت لە نرخ دەکات، کۆمەڵگا هێناویەتە بەرهەم،بۆ کەرەستەیەك،پێویستی ژیان ،بەرهەم، ...،لە روانگەی واتا و پراگماتێکەوە درا ناوەکەو دەلالەتە و ئاماژەیە و شتومەك مەدلوول و ناولێنراو و ئاماژەبۆ کراوە.دراوەکە بۆتە سومبولی نرخ و بۆ کەرەستەیەکی بەرانبەر بە سومبول ، بۆیە سومبول ئەو دەربڕێن و ڕێکەوتنەیە کە کۆمەڵگاو مرۆڤایەتی هێناویەتە ئاراوەو جۆرە ڕێکەوتنێکی لە سەرە،هەرچەندە دراو وشەیەکی کۆنی یۆنانییە و هاتۆتە ناو زمانی کوردی.

سیمبول پانتایەکی فراوان لە بابەتی پراگماتیك داگێر دەکات و لقوپۆپی هاوێشتۆتە ناو گشت بوارەکان،بە نموونە کە دەوترێت (بەکری مەم وزین)ئاماژەیە بۆ کەسێك کە ببێتە ئەوەی دوو کەس یان دوو خوشەویست لە یەك بکات ،( گیسکەکەی هەیاس)(مامە خەمە)(دارە سووتاوەکە)(ئەمنە سوورەکە)(قەڵاومینارە)(کەوا شۆڕەکان)(گەڵا بەسەرەکان) زۆری تر کە هەمووی بابەتی پراگماتیکن و دەچنە خانەی سومبولە(د,سەباح موسا عەلی:٢٠٠٩:٥٩).

بابەتی دەروونی و ئازایەتی و چاوەترسی و کۆمەڵایەتی ، بە هەمان ڕێچکە،ڕۆڵی خۆی بینیوە و ئاماژەی راستەوخۆی بۆ ئەم بابەتانە کراوە ، بە وێنە (جولەکە،مێردە زمە ،خێو،خدر زندە،.....).

## چەند زاراوەیەکی بواری سیمبول لە واتاسازی و پراگماتیکدا:

### بواری گیانلەبەر:

کۆتر:سومبولە بۆ ئاشتی و دڵپاکی و ئاسودەیی

کونە پەپوو:سومبولە بۆ شۆمی و نارەحەتی و ماڵوێرانی

تیتر واسك:مەلیکی دەنگ ناسکە کە بەسەر شارێك تێپەر بێت دەڵێن ماڵوێرانی بە دواییەوە

ڕێوی: بێتە سەر ڕێگا واتا چاگەو باشە چاوەڕوانت دەبێت

سەگ: وەڕینی سەگ ئاماژەیەکی باش نییە

بارخستنی مریشك: نیشانەی هاتنی مێوانە

### بواری رەنگەکان:

سپی:ئاشتی و پاکی

سوور: ترسناکی و مەترسی

سەوز:بوژانەوەو تازە کردنەوە

زەرد:کۆتا تەمەن و پاییز و بەسەرچوون

رەش:خەم و خەفەت و کەسەر

ئەرخەوانی:گەشبینی و خۆشی

### ناو ناوی شارو ناوچە:

مامە ریشە: کوردایەتی و ئازایەتی

ئومەری خاوەر:قوربانیدان

ڤینوس:خوشەویستی

پەیکەری نیوێورك:مافی مرۆڤ

تەرازوو:دادوەری

نوگرە سەلمان: ئەنفال و ئەشکەنجەدان

ئەلیزیە:مەڵبەندی بریار لە فەرەنسا

کرملن: = = روسیا

بەردە قارەمان:ئازایەتی و نەبەردی

سلێمانی: خەڵمەت و قوربانی و شاری رۆشنبیری

فاتیکان:مەرجەعی مەسیحییەکان وەهمان شت بۆ ئەزهرو قوم و نەجەف

دووپەنجە: سەرکەوتن

جوولەکە: رەزیلی

## //ئەنجـــــــــــــــــــام//

پاش هەوڵێکی زۆر گەیشتینە ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١- هەردوو بابەتی پابەندو هاورییەتی و سومبول دوو بابەتی زمانەوانین و بەشێکن لە زانستی زمان و رۆڵی کارێگەرو بەرچاویان لە ناو زماندا هەیەو ئەرکی ڕێزمانی خۆیان هەیە.

٢- پابەندو هاورییەتی لە هەندێ بارۆدۆخ و ژینگەدا دەچنە ئاستی واتایی وپراگماتیکی,

٣- هەردرد بابەتەکە بابەتی سەردەمیانەو رۆژانەن و لە سەرجەم بوارەکانی ژیان و

ڕۆژنامەگەری و دبلۆماتی وسیاسەت بەکاردێن.

٤- هەردوو بابەتەکە بە پێی ژیان و باری کۆمەڵایەتی و ژینگەو دابونەریتی زمانی هەر میللەتێك لە گەڵ میللەتێکی تر جودا و جیاوازە.

٥- لە هەموو ئان و ساتێکی ئاخاوتن وگفتۆگۆ هەردوو بابەتە حازر بەدەستن ولە هەموو جێگاو شوێنێك ئامادەن.

٦- ڕۆڵی تەواو و باڵایان هەیە لە پێشخستن و گەشەکردنی واتاکانی زمان و جێگۆرکی بە هەندێك واتای یەکەکان.

٧- سیمبول بەشێکە لە پێشکەوتنی زمان و ئابوریکردن لە زماندا و کەڵك وەرگرتن لە کات ە بە هەدەردانی وزە ە تەقەللا لە زماندا

٨- پابەندو هاوڕییەتی سەرەرای زۆر گەشەی بە زمان داوە و لە هەمان کاتیشدا بەشێکە لە ئەکتیف کردنی میشك و زیادکردن و فراوان کردنی زانیارییەکانی میشك و گەشەش بە زمان دەدات.


## سەرچاوەکـــــــــــــــــان:

أ- **سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:**

١-دەروون عبدالرحمن سالَح،ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا،چاپی یەکەم،چاپخانەی سەیید هاشم،هەولێر،٢٠١٦

٢-عبدالواحید موشیر دزەیی،رەهەندی دەروونی ،چاپی یەکەم ،هەولێر،٢٠٠٧

٣- = = = ،واتاسازی وشەورستە،چاپی یەکەم،چاپخانەی ڕۆژهەڵات،هەولێر،٢٠١٠.ز.

٤-سەباح موسا عەلی،ڕەنگدانەوەی چەند لایەنێکی واتاسازی لە ڕۆژنامەنووس کوردیدا،چاپی یەکەم،چاپخانەی ئاراس،هەولێر،٢٠٠٩.

٥-مستەفا محمد کریم زەنگەنە،ڕەنگ لە زمانی کوردیدا،چاپی یەکەم،هەولێر،٢٠٠٧.

٦-مستەفا غفورفردیناند دۆ سۆسیر،نووسینی جاناتان کالر،هەولێر،٢٠١١

٧- محمد معروف فتاح،زمانەوانی،دار الحكمه،بەغدا،١٩٩١.

ب- **سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:**

٨-احمد مختار عمر،علم الدلاله،دار العروبه،الكويت،١٩٨٢

٩-جۆن لاينز،علم الدلاله،ترجمه.مجيد الماشگه،جامعه البصره،البصره،١٩٨٦

١٠-ج.ليچ،علم الدلاله ،بيروت،لبنان،١٩٧٤.

١١-عبدالهادى عبدالرحمن،لعبه الترميز،بيروت،لبنان،٢٠٠٨.

١٢-ف،ر،پلمەر،علم الدلاله،ترجمه،د.صبرى ابراهيمالسيد،القاهره،١٩٨٦.

١٤-مصگفى غلمان،ڤ اللسانيات العامه،بيروت، لبنان،٢٠١٠.

١٥-محمد على الخولى،علم الدلاله والتگبيق،دارالفلاح،عمان،الاردن،٢٠١٠.

١٦-نورالهدى لوشن،علم الدلاله والتگبيق،الاسكندريه،مصر،٢٠٠٦.

١٧-يوسف الحاج،فلسفه اللغه،بيروت،لبنان،١٩٧٠.

ج- **سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی:**

١٢-Devereuv,fantasty and symbol,London,١٩٧٧

چ -**نامەی ماستەر و دۆکتۆرا:**

١٣-بیخال عبدالله سعید،واتاسازی وشە،ماستەرنامە،کۆلێژی ئاداب،زانکۆی سەلاحەددین،هەولێر،١٩٨٩.

١٤-عبدالله عزیز محمد بابان،هایپۆنیم و هەندێ پەیوەندیی واتایی لە زمانی کوردیدا،نامەی دوکتۆرا،کۆلێژی زمان،زانکۆی سەلاحەددین،هەولێر،٢٠٠٥.

١٥–سلێمان هشیار محەمەد،پەیوەندی بەش و گشت د زمانا کوردیدا،ماستەر نامە،کۆلیژا پەروەردەی بنەڕەت،زانکۆی دهۆک،دهۆک،٢٠١٩..

**ت_ گۆڤار و رۆژنامە:**

١٦–هیمداد حۆسین بەکر و سەباح رشید قادر،هەندێ لایەنی زمامەوانی و رەخنەی ئەدەبی،

گۆڤاری زانکۆی کۆیە،ژ١،هەولێر،٢٠٠٩.